# دوو جۆر بەیان هەیە: ئەو بەیانەی کە وەکو کلکی گورگە؛ حەڵاڵ نییە نوێژی (بەیانی) تێدا ئەنجامبدرێت وخواردن حەرام ناکات، بەڵام (ئەو بەیانەی) بە (شێوەی) لاکێشەیی لە ئاسۆی (ئاسماندا) دەبێت؛ نوێژی (بەیانی) حەڵاڵ دەکات (ڕێگەپێدراو دەبێت، وخواردن حەرام دەکات

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«دوو جۆر بەیان هەیە: ئەو بەیانەی کە وەکو کلکی گورگە؛ حەڵاڵ نییە نوێژی (بەیانی) تێدا ئەنجامبدرێت وخواردن حەرام ناکات، بەڵام (ئەو بەیانەی) بە (شێوەی) لاکێشەیی لە ئاسۆی (ئاسماندا) دەبێت؛ نوێژی (بەیانی) حەڵاڵ دەکات (ڕێگەپێدراو) دەبێت، وخواردن حەرام دەکات».

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەیانی لە ڕوانگەی حوکمدا دابەشکرد بەسەر دوو جۆردا: یەکەم/ پێی دەووترێت: بەیانی ناڕاست -الفجر الكاذب-، لە ئاسماندا بەرز دەبێتەوە وەکو هێڵێکی ستوونی پان وەکو کلکی گورگ وایە چونکە بەرز دەبێتەوە، بۆیە لە کلکی گورگ دەچێت کاتێک بە ستوونی لە ئاسماندا بەرز ودیارە، پاشان نامێنێت وتاریکی دێت، ئەم بەیانە؛ ڕێگە نادات بە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، وخواردن وخواردنەوە حەڵاڵە بۆ کەسێک نیەتی هەبێت وبیەوێت ڕۆژەکەی بەڕۆژوو بێت، چونکە بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق- لە هەقیقەتدا نوێژی بەیانی حەڵاڵ دەکات وخواردن وخواردنەوە حەرام دەبێت. دووەم/ بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق-: ئەو بەیانە بە شێوەی لاکێشەیی لە ئاسۆی ئاسماندا دەبێت لە باکوورەوە بۆ باشوور، وهیچ تاریکیەک لە پاشی نایەت بەڵکو ڕۆشناییەکەی زیاد دەکات، ئەم بەیانە نوێژی بەیانی حەڵاڵ دەکات -ڕێگەپێدراو- دەبێت، وخواردن حەرام دەکات بۆ کەسێک نیەتی هێنا بێت وبیەوێت بەیانیەکەی ڕۆژوو بگرێت. وجیاوازی نێوان ئەم دوو بەیانە لە ڕوانگەی کاتەوە جیاوازە، جاری وا هەیە ماوەکەی نێوانیان کورتە وجاری وا هەیە درێژە، وجاری وا هەیە بەیانی ناڕاست -الفجر الكاذب- دەرناکەوێت لە ئاسماندا. بە کورتی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە: 1- بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق- بە شێوەیەکی ئاسۆیی درێژ دەبێتەوە لە باکوورەوە بۆ باشوور بەڵام بەیانی ناڕاست -الفجر الكاذب- بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی ستوونی دەردەکەوێت. 2- لە پاش بەیانی ڕاستگۆ تاریکی نییە، بەڵام لە پاش بەیانی ناڕاست تاریکی هەیە. 3- بەیانی ڕاستگۆ ڕۆشناییەکەی بە شێوەیەکی ئاسۆیی پێکەوەبەستراو و دیارن لە هەموو شوێنێکدا بە ئاسۆیی دەردەکەوێت، بەڵام بەیانی ناڕاست ڕۆشناییەکەی ستوونیە وپێکەوە بەستراو نییە وەکو یەک بەش دەردەکەوێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ئاسماندا. ئەم سێ جیاوازییە لە ڕوانگەی قەدەری گەردوونی، بەڵام لە ڕوانگەی شەرعیە لە بەیانی ناڕاستدا -الفجر الكاذب-دا نوێژی بەیانی حەڵاڵ نابێت، وخواردن وخواردنەوە حەڵاڵە بۆ کەسێک بیەوێت بەیانیەکەی ڕۆژوو بگرێت، بەڵام لە بەیانی ڕاستگۆدا -الفجر الصادق- بە پێچەوانەوە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ڕێگەپێداو وحەڵاڵ دەبێت، وخواردن وخواردنەوە حەرام دەبێت لەسەر کەسێک بیەوێت ئەو ڕۆژە ڕۆژوو بگرێت.